ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیات نراوە

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئیسلام لەسەر پێنج پایە بنیات نراوە: شاهێدی دان بە (لا إله إلا الله ومحمد عبده ورسوله) واتە: (هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله وموحەمەد بەندە وپێغەمبەری خودایە)، و ئەنجامدانی نوێژەکان، و زەکاتدان، و حەجکردن بۆ ماڵی خودا، وڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئیسلامی چووانـد بە بینایەکی پتەو کە لەسەر پێنج پایە دامەزراوە وئەم بینایە لەسەر ئەم پایانە وەستاوە، وتایبەتمەندیەکانی تر لە ئیسلامدا بۆ کاملْتر وچاکترکردنی بیناکەیە، یەکەم پایە: شایەتمان : شاهێدای دان بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) واتە: (هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله وموحەمەد پێغەمبەری خودایە)، ئەم دوو شاهێدی دانە یەك پایەن، و لەیەك جیا نابنەوە، بەندە دەیلْێت ودان دەنێت بـە وەحـدانیەتی -تـاکێتی- اللـه وبـەوەی تەنهـا ئـەو شایسـتەی پەرسـتنە بـێ هیـچ هاوبەشێـك، وکـردەوە بەئاماژەکانیان دەکات، وباوەڕی بە پەیامی موحەمەد هەیە -صلى الله عليه وسلم- وشوێنی دەکەوێت. پایەی دووەم: نوێژ ئەنجامدان: ئەمیش بریتیە لە پێنج نوێژە فەرزەکە لە شەو وڕۆژدا؛ بەیانی ونیوەڕۆ وعەسر ومەغریب وعیشا، لەگـەڵ جێبەجێکردنـی مـەرج وپـایە و واجبەکانیـان. پـایەی سـێیەم: زەکاتـدان: ئەمیـش پەرسـتنێکە بـە پـارە وسامـان ئەنجامدەدرێت، و واجبە لەسەر هەموو پارە وسامانێك کە گەیشتبێتە بڕێکی دیاریکراو لە شەریعەتدا، ودەدرێت بە ئەوانەی شایستەن زەکاتیان پێبدرێت. پایەی چوارەم: حەج کردن: بریتیە لە ڕۆیشتن بۆ مەککە بۆ جێبەجێکردنی هەندێك دروشم ومەراسیمی دیاریکراو ؛ کە بۆ پەرستن و بەندایەتی کردن بۆ خوای گەورە ئەنجامدەدرێت -عز وجل-. پایەی پێنجەم: ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان: بریتیە لە خۆگرتنەوە لە خواردن وخواردنەوە وئەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن بەنیەتی بەندایەتی کردن بۆ اللە، لەکاتی دەرچوونی بەرەبەیان هەتاوەکو ئاوابوونی خۆر.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65000